" قاتعییەتـــــی شورشگیرانەی" خوی نیشان داوە لەم بارەیەوەش لە داهاتوو دا قاتعییەتیکـــی زیاتر لە خویـــــە وە بنوینـــــــــــی . (هولـــەکانی بازرگان لە روژنامەی "بامیداد" بیست و نوی رەزبەری ١٣٥٨ را گیردراوە تەوە . گشت وتەکانـــــی ناوکـــــەوان ئـــــی ئیمـــەن .)

* * * * *
* * * *
* * *
* *

بلاوکراوەکانـــــــی تازەی ریکخـــــراوەی یەکـــــە تی چە پ

بەفارسی : کاپیتال : شوینەواری کارل مارکـــــس بەرگـــــی سیهەم ـ بە شی دووهەم

کاپیتال : بەرگـــــی سیهەم ـ بەشی سیهـــەم

پیوەندی چینان و حیزبان لە تەك مـــــەزهب و کلیســـــادا :

هەلبژاردەیەکـــــی شوینەوارەکانی مارکس،ئینگیلس و لینیـــــــن

لە مەر فاشیـــــزم : شوینەواری ئاگووست تالهایمـــــــر

14/48

هفتەنامەی اتحاد چپ

شمـــــارە ١٨ ٢ آبان ١٣٥٨ نشـــــریەی هفتگی سازمان اتحـــاد چپ

ناواخنـــــــــــی ژمارە ١٨

* "جی بـــە جـــی کردنی قەیرانی کوردستان بە ریگای لیك حالی بوون و تەفاهوم دا" ؟!!

* فەزاحـــەتـــی هەلبژاردنـــــــی شـــــووراکـــــــان .

* هیرش بو سەر هیزە چە پەکان بیانوویکـــە بـــو راگرتنـــــی راویژکەر .

* گوزاریشیك لە ئەنزەلـــــــــی وە و بەیاننامەکانی ماسی گرە ئازادەکانـــــی بەندەری ئەنزەلـــــــی .

* خەلخالـــــــی قسان دەکا .

* گوزاریش لە مەر وەرچی زیندانی یە سیاسی یەکانـــــی ئیران . لە لایەن کوری زیندانیە سیاسی یەکانی (دژی ئیمپریالیست ـ دژی کونە پەرستی ناوخو) را .

هەلبژاردەی نووسراوەکانی ژمارە ١٨ بە کوردی

١ـ "جی بە جی کردنی قەیرانی کوردستـــان بە ریگای لیکحالی بوون و تەفاهوم دا" ؟!!

٢ـ گوزاریشیك لە ئەنزەلـــــــی وە .

٣ـ هیرش بو سەر هیزە چە پەکان بیانوویکـــــە بو راگرتنـــــــی راویژکـــەر .

حـــــــــەوتـــــەنامـــەی یەکەتی چەپ

ژمـــــارە ١٨ ٢ی خەزەلوەری ١٣٥٨ / ٢٤ی ئوکتوبری ١٩٧٩

بلاوکـــــــراوەی حەوتـــــووانەی ریکخراوەی یەکـــــە تـــی چـــپ

" جـــی به جـــی کـــردنی قەیرانـــی کوردستان
بـــه ریگای لیکحالی بوون و تەفاهوم دا " ؟!!

ماوەیەکـــە کە زور لە دەولەتـــی یەکان باســـی چارە سەر کردنـــی سیاسی قەیرانی کوردستان دەکەن . جی ی پرسیارە کـــە چما ؟ چبوو کە " موضیدەکانی سەر زەوی " و " حیزبـــی شە یتان " لە پر بوون بە " لایەنی وت وویـــژ " چ قەوما کە لە پر شەر فروشانی دەولەتـــی و مەسئوولی کوشت و بری گەلی کورد هاتنە رەدا یە ودەرگای ئاشتی یان کردەوە و چلون بوو کە جەنابـــی بازرگانیك کە تەنانەت کاتی سەفەری شیخ عیزەدینی حوسینی بو تاران ئامادەی وت و ویژ کردن لە گەلـــی نەبوو ، ئیستا ئیلچی ئاشتی و وت و ویژ دەنیریتە کوردستان و رادەگەینی کە " دەولەت ئامادەی چارەسەرکردنی قەیرانـــی کوردستان بە ریگای لیکحالی بوون و تەفاهوم دایە " ؟ و زور پرسیاری تریش . بە بیر و رای ئیمە ولامی دروست یان نزیك بە دروستی ئەم پرسیارانە تە نیا کاتیك دەدریتەوە و لی ی تیدەگەین کە دەوری عونسوری جوراجور لە پەلاماردانی کوردستان و مە بە ستیان لەم پەلامارە و وەزعـــی ئیستای ئەمانە لە بەرچاو بگرین ، و تیبگەین کە هەر یەك لەم عونسورانـــە چلون دەروانننە " قەیـــرانی " کوردستان و بە چ چە شنیك ئەم قەیرانی یە بو تـــە قەیرانی دەسەلاتـــی خویان . بوزژوازی لە تەواوی دەورانی دوای راپەرینی ریبەندان دا بە دووی سازکردنەوەی داو ودەزگای دەولەتـــی دا بـــووە . داو و دەزگایەکـــی کە زەبری زور توند و تیژی ومخوی کردبوو ، بـــی ئەوەی لە بەر یەك هەلوەشی . بە شی هەرە گرینگـــی کە دەبوو ساز بکریتەوە ئەرتەش بوو . بەلام چون ؟ ئەرتەش بەبـــی ئەوەی پاك بکریتەوە ـ کاریکـــی کە قەت دەولەتیەکـــان و دەستەی فەرمانرەوا بە فکریان دا رانەدەبرد ـ لە ناوەوەی خوی دا تووشی بە تووشی تیندینس و تەنانەت مەکوی ئورگانیزە کراو ببوو ، کە مانـــی ئەرتە شیان وەك داردەستی سیاسەتی سەرکوتکەری بورژوازی دەخەتەر خستبوو ، ئەوانە نەك لە بەر چەندایەتـــی جیگەی سرنجی خویان ، بەلکوو لە بەر رامانیکـــی کە لە ناو ئەرتەش دا دەیان هینا گوری و بنج و بناوانی ئەویان کە لە سەر مل راکیشانی کویرانە داندراوە وەلەرزین دەخست .

دروست کردنەوەی ئەرتەش ی زەبر لیدراوی بەلام لەبەر یەك هەلنەوە شاو ، لە بەرنامەی ئیمپریالیزمـــی ئەمریکاش دا هەبوو . مە سە لەی ئەوەی کە ئەرتەش فاکتوری هەرەگرینگـــی ناوخویـــی دامەزراندنەوەی کونترولـــی دووبارەی ئیمپریالیزمـــی ئەمریکا بە سەر ریباز و جم و جولی سیاسی ئیران دایـــە ، شتیکـــی شاراوە نییە . ئەم ئەرتە شە ، قەوارەی ، بیر و رای ئارمانج و مە بە ستی ئەمریکایـــی یە . ئە ضەرەکانی ئەرتەش زیاتر مە یلی قەبوول کردنی نفووزی ئەمریکایان هەیە تـــا وەخوکـــردنـــی دەسەلاتـــی رووحانیەکان . و لەمە ش زیاتر ئەم ئەرتە شـــە بـــی پشتیوانـــی لوجیستیکـــی پینتاگون پوولیکـــی سووتاویش ناهینی . هلیکوپتیرەکانی ، تانکەکانی ، فروکە کانی و تەنانەت تفەنگەکانیشی بی یارمەتی ئەمریکا و بـــی ئامرازی یەدەکـــی وان کومایەکـــی ئلسن نەبـــی زیاتر نییە . بەم پییە دروست کردنەوەی ئەم ئەرتە شە هەلویست و وەزعـــی ئەمریکاشی قایم دەکرد و نەك هەر لە بەر پیوەندی دەگەل ئەرتەش دا بەلکوو وەك فاکتوریکی کەم و زور سەربەخو ش . واتە قایم کردن و سەقام پیدانی هەلویستی بورژوازی ئیران و دەسمایەی تایبەتـــی ، لە بەر ئەوەی کە کردەوەی ئەمدە سمایە یە ببر ببر لە خزمەت قایمتر کردنی گریدراوی ئیران بە بازاری جیهانـــی یەوە و بە ناچار ئەمریکا ـ وەك فاکتوری هەرە بە هیز لەم بازارە دا ـ ، کە وابوو ئەمە بە هوی بە هیز کردن و دروست کردنەوەی داو ودەزگـــا سەرکوتکەرەکان دانە بـــی مە یســـە رنییـــــە .

* کە س کە س دەست بیگیرییم .
* تا ئەمـــی حەق فەگیرییم . (راویژی گیلەکـــی)
* بەرارنـــی ئودام ئوسان بـــی یە ئامـــی جیرگە میان . (راویژی گیلەکـــی)

بو روژی دوایـــی شاری ئەنزەلـــی یەك پارچـــە تازیەدارەگری و گشت دووکان و قوتابخانان دای دەخـــەن .

* ——————— * ——————— * ——————— * ——————— *

هیرش بو سەر هیزە چە پەکان بیانوویکـــە بو راگرتنی راویژکەر

ئەگەر دەولەتیك نە یەوی دەست لە قەوارەی ئەرتەشیکی کونە پەرستی دەست پەروەردەی ئیمپریالیزم وەردا دە بی چ بکا ؟ بە بیروای ئاغای بازرگان لە پیشدا دەبـــی بیانوویەکـــی " میژوویـــی " و " ئیسلامـــی " بو راگرتنی راویژکەرانی بیگانە بینیتەوە و دوایەش کە سانیکـــی کە لە دژی ئەم هەنگاوە نوکەرانەیەن بە " پیاو و دەسنیژی خائین " ناوبری . " هەندیس بازرگان سەروك وەزیر لەریکەوتـــی " جیژنـــی خویندن تەواو کردنی زانکوی ئە ضەری هیزی هەردی دا " بە قامك راداشتن بو میژووی ئەرتەشی ئیران (کە هەلبەت پرە لە شانازی مەزنـــی میژوویـــی) و پیداویستی هەبوونـــی کوتـــی ئەمیر کەبیر بە لە بەرچاو گرتنی دوو مەبەستان راویژکەری بیگانەی بو عاملاندنـــی ئەرتەش راگرت . یەکیـــان پەروەردە کردن و پەرەپیدان و کارامەیـــی و هیزی بەرگری و عەسکەری ئیران و دوو هەمیان لە بەر پاراستن و پاریزگاری ولات و دیفاع لەم میللەت و ئومەتـــە کە لە راستی دادەکـــری ناوی دیفاع لە ئیسلام و راستە قانی لی بندری . (لە بیر مان نەچـــی کە ئەم ترادیسیونەی " دیفاع لە ئیسلام و راستی " لە زەمانی رەزا شا و کورە دایك چاکەکەشی بەردەوام بوو و لە زەمانی حەمەرەزا شا دا بە دەیان هەزار راویژکەری بیگانە خزمەتیان بە " میللەت و ئومەت " دەکـــرد) بەلام ئیستـــا بەرهەلستیکـــی دیکەشمان لە بەر دەم قوت بوتەوە (شاش کاتیك دە یەویست باسی پیداویستی هەبوونی راویژکەرە ئەمـــر یکایەکان بکا هەر عەینـــی " بەرهەلستی " لە بەر دەم قوت دەبو وە) وئەویش ئەم دە سنیژ و خائینانەن کە جلی ئیدیئولوژی و بیر و باوەریان دە بەر خویان کردووە و لە دژی هەر هەنگاویکین کە دەولەت ومیللەت لەریبازی خیر و مە سلەحەتی ئەم ولاتـــە و خەلکەکەی هەلیدیننەوە . (هە لبەت سەر و سەکوتی چەپـــی یەکان تازە لەدوینی و ئەو رو وە وە دیار نەکـــەوتووە و تەنیا برینی ئەم دەولەتمیان نەکولاندوتەوە بەلکوو ئەوان لە زەمانـــی رەزا شاش دا لەم کارانەیان دەکرد) تا ئەوجـــی یەی ئەمن وەبیرم دی چـــە پە توندرەوتەکان لە زەمانی رەزا شاوە تا ئەو رو لە بن پەردەی دروشمی هەلخەلەتینەری پشتیوانی لە گەل ، موستەزعەف ، کریکار و رەنجبەر و هتـــد لە دژی هەموو هەنگاویکـــی میللی بوون و لە هەمـــوو دەرفەتیك بە قازانجـــی خویان کەلك وەردەگرن " . ئیمـــە ئەگەرچـــی ئەم شەکر شکاندنانە بە شیاوی شـــی کردنەوە و لیکدانـــەوە نازانین بەلام ببر ببر دەبـــی نوقتەیەکـــی زور پیویست وەبیر بخەینەوە و ئەویش ئەمـــە یە کە ئەوە دوور لە عەدل و ئینسافە کە کەسیك ئەرتەشی شاهەنشاهـــی بوجـــی بە جی کردنی کاری زور گرینگی بو وینـــە سەرکوت کردنی گەلەکانی ئیران و هتـــد بپاریزی و بە راشکاوی باسی چاکەی دامەزرینەرانی راستە قینەی ئەم ئەرتە شـــە واتە رەزا شای گور بەگورو حەمەرەزاشای دەربەدەر نەکا و تەنیا ئیشارەیەکـــی لیل و نەروون لەم بابەتەوە بکا . دوژمنانـــی " هەنگاوە نیشتمانـــی یەکانی " رەزا شـــا وەبەر پلارگـــری بەلام بە شان وبالـــی بەریوەبەری ئەم " هەنگاوانە " دا هەل نەلـــی . ئیمـــە هیوا دارین کە هەر وەکـــی ئاغای بازرگان لە مەرکار و باوەکانـــی دیکـــە ش

ئیران ـ له بەر تیکەوتالقانی دەگەل دەزگای دەولەتی که له سەرموه باسمان کرد ـ حەوجی ی به دەزگایەکی دەولەتی ناوەند داکوتاو هەیه . و دەزگای دەولەتی ناوەند داکوتاویش له گەل داوای گەلی کورد و گەله زولملیکراوەکانی دیکه له مەر خودموختاری ناگونجی . مەگیم ئەم خود موختاری یه شکلی وروالەتی بی و نەگاته فیدرالیسمی راسته قینه . ئەگەر وانەبی بورژوازی ئەمەش ناهیلی و له ناوی دەبا .

و ئەوەی له مەر رووحانی سالارەکان و ویلایەته فەقیهه چیەکان دەبی بکوتری : لەم بارەیه شەوه دەو عونسوری کەم وزورلیك جیا و سەربەخو ، بەلام له یەکتری گریدراو ، له بوچوونیان دا بو مه سەلەی کوردستان دەوری بریاردەری بووه . یەکیان فاکتوری ئیدیئولوژیکه که کەم بایەخ پیدانی بەرو بووی دل تاوینی لیدەکەویتەوه . رووحانی یه سالارەکان و ویلایەته فەقیهچیەکان له بەر زور هو و دەلیلان که لیره دا دەرفەتی باس کردنیان نییه ، توانیویانه دواکەوتووترین توێژەکانی ورده بورژوازی کاسب مه سلەك و لومپەن پولیتاریا و گشت تویبه کومەلایەتی یەکانی لەچینی خو دابراو دەنگ دەن و بیبان هینه ژیر ئالای خویان . یەك لەهوییەکانی ئەم وەزعه ئەمه یه که بوخویان نوینەرانی فەرهەنگی ئەم دوا ـ کەوتوییی یه و درکینەری ئاوات و ئامانجی ئەم ورده بورژوازی یەن بو گەرانەوه بەرەو " روژانی خوشی رابردوو " و پیوەندییەکانی بەر له دەسمایەداری . ئەم فاکتوری ئیدیئولوژیکه ئیستا کەم و زور به سەربەخویی دەبزویتەوه و فاکتوریکی به هیزله ئاکاری ئەم هیزه کومەلایەتی یه بیك دینی . ئەم ئیدیئولوژی یه خوی له ویلایەتی فه قیه دا دەدرکینی : واته له دەسەلاتداری که لەکەی پایەی رووحانیەت دا له گشت ریکی کومەل دا ، واته له دەکار کرانی دیکتاتوری بروتیکەوه بردوو بو داسەپاندنی ئەخلاق ، فەرهەنگ و شیوەی ژیان و بەرهەم هینانەوەی ورده بورژوازی به سەر کومەل دا ، واته له ئومەت جیتی و یەکسانجیتی گەوجانه دا . ئیدیئولوژیکی وه ها ناتوانی خودموختاری واته روالەتیك له مەردم سالاری وەخو بکا . مەردم سالاری له هەموو شیوەی روالەتی خوی دا دوژمنی ئەم ئیدیئولوژی و ئەو ئاکارانەیه که لی ی کەوتوونەوه . خودموختاری راسته قینه ماوه دە دا به خەلك که شیوەی ژیانی خویان دیاری بکەن ، داب و شوینی خویان بپاریزن ، وله دانانی چارەنوسی خویان دا به شدار بن ، له کاتیك دا ئەم روانگه یه دە یەوی خوی به سەر گشت لایەنی ژیانی خەلك دا (کومەلایەتی و تایبەتی) دا سەپینی . و بیتوو دیتن و روانگه یەکی ئەوتو هەست به چه شنه ریسالەتیکیش بکائیتر قەبوول کردنی خودموختاری ناو ولات ، له کاتیك دا سنووران دەرباز دەکا و دامەزراندنه وەی ئیمپراتووری عوسمانی ، خەلافەتی عەباسی و یان گەرانەوه بو سەردەمای خەلافەتی عومەری به ئامانجی خوی داناوه ، چه شنیك ناکوکی یه و ناگونجی . بەم پییه چ داوای ئەوەی که هەموو وەدووی " ئولولئەمر " یك کەون و ملی بو راکیشن چ داوای گەرانەوه بەرەو رابردوو ، که به توبزی و گەلەگایی نه بی بووز ناخوا ، دەولەتیکی سەره روی پیدەوی که دەبی به شیوەیەکی ئیستیبدادی سەروکایەتی بکری .

ئەمه له شیوەی بیرکردنەوه و رامان دا و بیتوو ئەم بیره به کردەوەش دەکار بکری یا باشترمان کوتبی بو وەدی هاتنی هەول بدری ، مەجبوورە روو له چەشنیك له دەسمایەداری دەولەتی و تەمەرکوزی سیستیمی ئیداری و حکوومەتی بکا . له نەتیجه دا دەگەل هەر چه شنه خودموختاری و خوهەلسووراندنیك دانووی ناکولی وزور به توندی سەرکوتی دەکا .

وخەسلەتی دووهەم که پیچەوانەی ئەوەی هەوەلیان زور دنیایی و راسته قینه یه ، له خووی زور نزمی وەك هیزیەخو وه شك بردن و دل به مال و سەروەت خرکردنەوه بوون و خه سلەتی تری وەهاوه سەرچاوه دەگری . هیندیك له رووحانی یەکان و دەست و پیوەندە هیز وەدەست خستووەکانیان ـ وەك پاسداران ، که زوربەیان له نگریس ترین چینەکانی کومەلایەتی و لومپەن پرولیتاریا پیك هاتوون ـ ئەوەندەیان تامی هیز و شەوکەت چیشتووه که به خوشی خویان دەست له پایه

و هیز و دەسەلاتیان هەلناگرن . ئەوان له بەرامبەر هەموو بنیاتی کی دیموکراتیك دا ، و له جوملەیه خودموختاری گەلان دا خوراگری دەکەن . مەلاحه سەنی یەکان ، موفتی زادەکان و هتد ژمارە یەکی کەم نین . ئەوانه بەو پەری توند و تیژی یەوه له حاست داوای خودموختاری دا خوراگری دەکەن و سەری لی دەسوین . وینەی ئەم خوراگری یه ش ئیستا له کاتیك دا که نوینەرانی جوراوجوری بورژوازی له دەولەتی یەکانەوه بگری تا پیاوی روحانی وەك ئایەتولای شەریعەتمەداری و دوکتور بەهەشتی و حیزب و دەستەی وەك ، گەلی موسلمان ، جبهەی میللی و هتد داوای تەفاهوم و وت و ویژیان هیناوەته گوری ، وه بەرچاو دەکەوی . " موجاهیدینی شورشی ئیسلامی " به یاننامه یان بلاو کردوتەوه و دژایەتی خویان لەمەر وت و ویژ راگیاندووه ، حوجه تولئیسلام حاجی شیخ حوسینی کرمانی " نوینەری ئیمام له روژاوای ولات " هیشتا زاردەگینی که سەروکەکانی سیاسی و مەزهەبی دیموکراتەکان ئەمانیان نەدراوەتی . (ئینیلاعات ٢٩ی رەزبەری ٥٨) و هتد .

و له مەر سەروکایەتی قوم : ئایەتولای خومەینی به حیزبی دیموکراتی کوتووه " حیزبی شیتان " و سەروکەکانی جوولانەوەی گەلی کوردی به " موفسید " دانناوه . و به بەروباوەری ئیمه هیچ ئال و گوریك له باوەری ئەو دا پیك نەهاتووه . ئایەتولای خومەینی هەروەك دروی به بارەتەگیرانی زنانی له سنه کرد و له ویلایەت نەکوت ، ئەم جاریش ئەگەر بیوست دروەکی دیکه دەکا تا وەزعی خوی بپاریزی . ئەوانه له ژیر تەوژمی دوولایەنه ی زحمەتکیشانی ئیران و به شیوەیەکی سەرەکی گەلی پرچەکی کورد ، وهەم له ژیر تەوژمی بورژوازی و دەولەت دا پاشه کشه دەکەن و ئامادەی وت و ویژ دەبن . بی ئەوەی که لەم وت و ویژه دا ئامانجیان ریکوتن دەگەل گەلی کورد و قەبوولی خودموختاری بی . هەر وەك کوتمان خودموختاری نه دەگەل بیرکردنەوه و نه دەگەل کردەوەی ئەمانه یەك دەگریتەوه و دەگونجی . بەم پییه له هەوەل دەرفەت دا خویان بو پەلاماریکی دیکه ئامادە دەکەن . لەوانەیه که تەوافوقی هیندیك لەمانه بو پاشەکشه له هەل و مەرجی ئیستادا له بەر ئەوه بی ، که کوردستان بوته نموونەی خوراگری له بەرانبەر کونه پەرستی فورغچی و رووحانی سالاری و روژ له دوای روژ زەمینەی هاودەردی و هاوپیوەندی دەگەل گەلی کورد دە تەنیتەوه و ئەمه له هەل و مەرجیك دایه که هیشتا هیزی حکوومەتی ئەمانه دانه سه پاوه و له ئه ساسەوه تەکلیف مەعلووم نەبووه ودەتوانی هەره شه یان لی بکا . بەلام هەر چونیکی بی ئه سل ئەوەیه که له سەرەوەدا باسمان کرد ، ئەمانه ئەگەر پاشەکشه تن بکەن کاتی یه و وەلاغیر . ئیمه له دژی وت و ویژی سیاسی نین . بەلام بەبیر و رای ئیمه لەم وت و ویژه سیاسی یانەی ئیستادا دەبی گشت توئەکان له بەرچاو بگیری . ئەوه راسته که گەلی کورد و سەروکەکانی تاقه مەرجەعی سالحی دیاری کردن و تیگه یشتنی تاکتیکەکانی خویان ، بەلام به بیر ورای ئیمه دە بی ئەم وت و ویژانه وەکو دریژه یەك له خەبات له بەرچاو بگیرین ، که دەتوانی بەرو بووەکەی سەرکوتن یان شکانیکی تاکتیکی بی . و دیسان به بیرو رای ئیمه سەرکوتنی تاکتیکی له وت و ویژه کان دا بەوەوه به ستراوەتەوه که له هەلویستی هیز و دەسەلاتەوه بدوبین و له هەموو بابەتیکەوه .

ئامانج له وت و ویژەکان دە بی وەدی هاتنی هەره هەراوتری دروشمی " خودموختاری بو کوردستان و دیموکراسی بو ئیران " بی . هەول نەدان لەم رییازه دا واته هاسان کردنی زال بوونەوەی دەسەلاتی کونەپەرستی ، که له نیهایەت دا دەگەل خودموختاری ناکوك دەردەچی . هەر هەولیك بو بەربەست کردنی مه سەلەی کوردستان له چوارچیوەی کوردستان دا خزمەت به ستراتیژی کات بەتلاندنی هەردووك بالی دەستەی فەرمانرەوا دەکا . لەم نیوانه دا یەك له ئامرازه کاریگەرەکانی خەبات ، ئاشکرا بوون و بەدەرەوه بوونی وت و ویژەکانه تا کونەپەرستی بناساندری و ریسوا بکری و گەلەکانی دیکەش

وەك گەلـــــی کورد ببزوونەوە و ئەوەی مافیانـــــــــە دەستیان کـــــــــەوی .

------**---**---**---**---**---**---**---**---**---**---**---**

گوزارەیشیك لە ئەنـــــزەلـــــــی وە

رووداوەکانی ئەنزەلـــــی و شەهید بوونـــــی دەستەیەك لە خەلکـــی کولنەدەری ئەو شارە جاریکـــــی تر رووی کونە پەرستانەی دەستەی فەرمانرەوای نیشان دا و ناوەروکـــــی ئورگانە سەرکوتکەرەکانی ئەم کونەپەرستی یەی وەرووخست ،بە تایبەتی پاسداران کە هەردەلـــــی ی ئیجازەنامەی کوشت و بریان پییـــە ،ئەم جار ماسیگرانی ئازادی بەندەری ئەنزەلی و بەدوای ئەواندا خەلکی ئەنزەلـــــی یان وەبەر ریژەوی گوللە دا .

راوەماسی و ماسی گرتن کانگای سەرەکـــــی داهات و بەریچوونی خەلکـــــی ئەنزەلـــی یە . پاش هەراو هوریای بەرچاوتەنگە قشری یەکان لە مەر کردنە ژنانە و پیاوانەی دەریا و کەم بونی بەرچاوی داهاتی خەلکی ئەنزەلـــــی ،ئاشکرا بوو کە راوە ماسی ئەمسال ئە هەمییەتیکی سەرەکـــــی بو دابین کردنی ژیان و بەریچوونی ماسیگران هە یە . بەلام کاربە دەستانی دەولەتـــی ئیستا ،وەکوو دەولەتـــــی ئاریامیهری گویـــــی خویان لەم مەسەلە یە کەرر کـــرد .

ماسیگرانـــــی ئازادی بەندەری ئەنزەلـــــی چەند مانگ بە نامە نووسین و تیلیگراف ناردن هەولیان دا کـــە ئیجازە نامەی راوە ماسی وەدەست بینن . بەلام ئەم هەولە یان چ نە تیجـــــەی نەبوو . ئیدارەی شیلات (ماسی یە وانی) وەك جاران خەریکـــــی پاراستنی قورغـــــی ماسی گرتن لە دەستخوی دابوو . وهەرە شەی لە ماسیگران دەکرد و رای دەگمیاند کـــە زور توند و تیژ دەگەلیان دەبزوویتەوە . ئاخرەکەی ماسیگران شیلاتیان وا لیکرد کە وت و ویژیان لەگەل بکاوله ماوەی ئـــەم وت و ویژانە دا لە سەر ئەوە ریك کەوتن کە تا ٢٥ی رەزبەر قولاپ نە هاویژری و راو نەکری . روژی ٢٢ی رەزبەر شیلات گشت گفت و بەلینیکـــی کە دابووی خستیەژیر پـــــی و توری ئاویتـــــە دەریا و ماسیکـــــی زوری گرت . ماسیگرانـــــی ئازاد دوای ئەوەی ئەم رووداوە دە بیسن ئیعتراز دەکەن سەروکـــــی شیلات پاسداران بانگ دیلی و پاسداران بە و پەری بـــــی شەرمـــــی یەوە تە قە لە ماسیگرەکان دەکەن و دووکەس یان لـــــی شە هید دەکەن و ماسیگرانیش بە تولـــەی ئەوان فرووشکای شیلات ئاور تیبەردەدەن . مە یتی دوو ماسیگرەکان لە نەخوشخانە وەردەگرنەوە و بەرەو مالی شە هیـــدان ریکا دەدەگرن . کاتیك حە شیمەتە کە دەگاتە بەر دەرگای مەقەری پاسداران هاواری بەـــــری پاسدار ،بەـــــری کونە پەرستی بەرز دەبیتەوە . پاسدارەکان لە پیش دا مە یتەکان وەبەر گوللە دەدەن ،کە ئەمەش دەبیتە هوی خوشتر بوونـــــی کری ئاگری تورەیـــــی خەلك . خەلك بە دەستی بەتال و لە ژیر ریژەوی ژی ــ ٣ دا پەلاماری پاسگای پاسداران دەدەن و ژمارەیەکـــــی زیاتریان لـــــی دەکووژری . بەکویرەی خەبەری باوەرپیکراو ژمارەی خەساری خەلك لەم روژە دا ١٤ کەس بووە و زیاتر لە پنجاکەسیش زامدار بـــــوون . هیندیك لە دروشمـــەکانی ئەو روژە ئاوا بوون :

* بەـــــری پاسدار ــ بەـــــری کونە پەرستـــــــی .

* ئەنزەلـــــــی ــ کوردستان پیوندیتان مبارەك بـــــی .

* حکوومەتـــــی فاشیستی کەرەك لەناو بچـــــی .

* حکوومەتـــــی مەردمـــــی کەرەك دامـــەزری .

* خەلکـــــی کەرەك ئیعدام بکـــــــــری .

بەم پـــی یە بودروست کردنەوەی ئەرتەش پیوەندیکـــــی تەبیعـــــی لە نیوان بورژوازی ئیران و ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە گوری دابوو . و ئەگەر لەمەر پیداویستی سازکردنەوەی ئەرتەش ئەم دوو هیزە هاو بەلین بوون ، لەمەر چلونایەتـــــی ئەم مەسەلە یە پاش هیندیك کیشان و دادرین ریك کەوتن ،چونکوو تەمهیداتەکانی دیکە یان توو شی شکان هاتبوو . ئاخر ریگایان ئـــاوا دوزییەوە : دروست کردنەوەی ئەرتەش لە هەوای شەر دا و لە ژیـــر تەوژمـــــی دادگا سەحراییەکان .

ئەوان بو پیك هینانی هەوا و ئاتموسفیری شەر تا ئەوجـــی یەی کە پیان دەکرا ناکوکـــــی کا نی لە ئارادای کوردستانیان خوش کـــرد . قیادەی مووەقەت ،ئەم دەسنیژانەی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم یان تا بنی ددانیان لە چەك شە تەك دا ، چەکیان دا بە خانەکان و ئاغا خاوەن زەوی یە گەورەکان و دەگـــــژ جوتیارانیان روکـــــردن ،تا ئەوجی یەی پییان دەکرا ملیان نەدا بو ئەوەی کە دەگەل رابەرانی گەلـــــی کورد وت و ویژ بکەن ،و لە ئەنجام دا پیك هەلپرژانی چەکدارانەیـــان لە کوردستان پیك هینا :سنـــــــە ،نەغـــــەدە ،مـــــەریوان و . . . . . و ئاخرەکەی پاوە و دەسپیکـــــی شەریکی بەر بلاو و هەموو شوین داگـــــــر .

لە هەوایەکـــــی وەها دا بە فەرمانی خومەینی مل رانەکیشان بو فەرمانی کار بەدەستی ژوروو کە بەردی بناغەی سازکردنەوەی ئەرتەش بوو هەرە شەی ئیعدامـــــی لیکرا . و دیاریشە بە "خیانەت بە ئیسلام " لە قەلەم درا و ئاوها بوو کە زور ئەفسەر و دەرەجـــــەدار و سەربازی پیشکەوتوو درانە دەست جوخـــــەی ئیعدام وزورانیش وسکوتبوون . دژی ئیتیلاعاتـــــی ئەرتەش(ئیستیخباراتی عەسکەری) بە خیرایـــــی سازکراوە . داوای بە حەقی هومافەرەکانی هیزی هەوایـــی گویـــــی نەدرایە ودیسان هەر لەهەوایەکـــــی ئەوتو دا بوو کە هەمان هەوا نیروزی پیشوو ،هەمان هیزی تایبەتی پیشوو و هەمـــــان گاردی جاویدانـــــی پیشوو ،بە گورجـــــی چەکیان لی شەتەك دراوە و بوونە یەکانـــــی هەرەگرینگـــــی زەبروە شاندنی ئەرتەش، هەر هەمان یەکانانەی کە تا روژی گیانەلای ریژیمـــــی حەمەرەزاشایـــــی وەفاداری بوون و دەهمرونییەی دا بوون . و ئیستا ئەم ئەرتە شەساز کراوەتەوە . ونەك هەر ئەرتەش بەلکوو پولیس و ژاندارمەریش و نەك هەر ئەوانیش . لە هەل و مەرجـــــی هەوای خنکینەر و ئیختیناق لە ولات دا دا و دەزگاکانـــــی دیکەی دەولەتـــــی ش لە ژیر ناوی "کەم کاری " ، "دژی شورش" و "پاك کردنەوە " دە پالیودران و دە پالیودرین . بەم پییە بورژوازی و ئیمپریالیزم بە ئامانجی خویـــان گە یشتوون . بورژوازی ئیران بە دروست کردنەوەی دەولەت لە راستی دا هیزی سیاسی و چین بوونی خوی واتە وەك چین بزووتنەوەی دەستخستوتەوە . چونکوو ئەم بورژوازی یەقەت جگە لە شکلی دەولەت دا و لە ژیر چەتری پشتیوانی ئەم دانەی نەیتوانیوە بژی و بمینـــــــی . وئیستا دوای ئەم سازکردنەوە یە بورژوازی و یان لە راستی دا دەزگای دەولەتی ،حەوجـــی ی بە دەورەیەکـــــی هیمنـــــی هەیە تا ئەو سەنگەرانەی کەوەدەستی کەوتوتەوە قایمیان کا ،کون و کاژیریان بگری و بچنە ژوور سەری گیر و گرفتە کانی تری خوی ،وەك چەند بوونی ناوەندەکانی هیز ،قەیرانی ئابووری کە لە کەم بوونەوەی بەرهەم ، هەلماسین (ئینفلاسیون) ، دەسمایە دەکار نەکردن و بیکاری دا خوی دە نوینی و هەر وەها گری و گولی کومەلایەتی تر وەك را کـــردنـــی میشکەکان و هتـــــد . لە هەل و مەرجیکـــــی ئاوادا دریژە کیشانی سەرقال بوونی ئەرتەش لە کوردستان دەتوانـــــی بە پیچەوانەی مە بەستیك تەواو بـــــی کە لە بەر چاو گیراوە . واتە زەبری توند و تیژتر وە ئەرتەش کەوتن و لە نەتیجـــــە دا لە داو ودەزگای دەولەتـــــی .ئەم دەورە ی هیمنی کە لە سەرەوەباس کرا لەم بارە یەوەش دەوریکی گرینگ دەگیری .

حەوجـــــی بەم دەورەی هیمنـــــی یە کە بورژوازی و قسەکەرەکانی وا لیکـــــردووە کە داوای "چارە سەر کردنی قەیرانی کوردستان لە ریگای تەفاهوم دا بکەن " . بەلام داخوا ئەم داوایە بەردەوام دەبـــــی ؟ بە بیر و باوەری ئیمـــــە نا . چونکوو بورژوازی